# **عێراق و شەرعییەت**

**ئەم وتارە باسی ئەم خاڵانە دەکەت: شەرعییەت چییە؟ چەند جۆر شەرعییەت هەنە لە عێراقدا و شەرعییەتی کە دەسەڵاتدارە ناوی چییە و چۆن دروست بویە؟ ئیش و کاری ئەم شەرعییەتە چییە لە ناو حزب، کۆمەڵگا، سیستمی پەروەردە، تەندروستی،...هتد، ولە زەماندا؟ چەند خاڵ و پرسیاری گرنگ بو عێراق، وشەیەکی کورت لەسەر شەری میدیای، وئەنجامی ئەم وتارە. لەم نووسینەدا باسی شەرعییەتی جیاوازی دیموکراسی، سایکولوژی، کۆمەڵایەتی، پەروەردەیی، تەندروستی، تاکە کەس، بیرۆکراتیک، دیموکراتی یان Traditionnelle, légale-rationnelle, dynastique, charismatique...هتد، بە شێوەیەکی زۆر قوڵ ناکەین[1]. کونسێپتی شەرعییەت کونسێپتەکی زۆر قورس، complexe و خاوەنی ئێڤولوسیونیزمی تایبەتی خۆیە لە زەماندا و ئێستا زۆر complexifiée بوویە.**

**دتوانی ئەم کونسێپتە بو زۆر شت بە کار بینی؛ لە زەمان ومەکاندا خاوەنی تایبەتمەندیەکانیی تایبەتی خۆیە. بە کورتی و بە عەقڵەکی زۆر سادە کونسێپتی شەرعییەت پەیوەندییەکی زۆر نزیکەوە هەیە بە کونسێپتەکانی وەک یاسا، راستی و دادپەروەری، حکومرانی، دەسەڵات، زانین، عەدالەت،...هتد. بە ڕێگای جیاواز بەدەست دەهێنی: تەقلیدی، زانین، ستەم و زوڵموزۆرداری، هەڵبژاردن،...هتد، و**
**Se rapporte sur une autorité (personne, groupe, organisation, Etat…etc), et est fondé sur des principes, des bases éthiques, légales, juridiques…etc, et autorise l'exercice du pouvoir sous ses différentes formes.**

**چەند خاڵ وپرسیاری گرنگ بو عێراق، هوشیار بارزانی گووت:" شەرعییەتی دەسەڵات بە شێوەیەکی گشتی چۆن بوویە لە سالی ١٩٢١ تا ڕووخاندنی دیکتاتۆریەتی سەدام؟ بە شێوەیەکی زۆر سادە،'مەکرو' و بە کورتی: شەرعییەتی کودەتا، تەقلیدی و دیکتاتۆریەتە،...هتد. پاش ڕووخاندنی رژێمی بەعسی لە ٢٠٠٣وە تا ئێستا چەند جۆر شەرعییەتەک پەیدا بوونە لە ناو گوند و شارەکاندا وەک شەرعییەتی شیعە، سوننە، دینی، سیاسی، کوردی، ئەکتەری دەولی خارجی، میلیشیای(حزبی)،...هتد، کە هەموویان لە سەرانسەری عێراقدا خاوەنی چەند هۆکاری هاوبەشن. پێش ڕووخانی سەدام زۆربەي زۆری ئەم شەرعییەتانە هەر نەبوون یان ئامرازێک بوون بو ئەکتەری دەولی خارجی وتا رادەیەکی زۆر جەماوەر ئاگادار نەبو لە کردار، رفتار، فکر، و ئیش کردنی ئەم چینی سیاسی و دینی. ئایا جەماوەر، کۆمەڵگا، قوتابی، شیعە، کورد، سوننە، کریستیان، ئەندامی حزبی، پۆلیس، هێزەکانی ئەمنی، فلان کەس، پێشمەرگە، عەسکەر، مامۆستا، جوتیار، کرێکار، ڕۆژنامەنووس، دادوەر،...هتد، ئاگادارە یان نە کە ئێستا هەموو شار و گوندێک لە عێراقدا شەرعییەتی تایبەتی خۆی هەیە.**

**پێش ڕووخانی دیکتاتۆریەتی سەدام، ئیش وکاری ئەم چینی سیاسی ودینی عێراقی چی بو؟ بە چ شێوەیەک وچۆن دەژین؟ ئەم شەرعییەتی جیاوازی سیاسی، ئابوری، میدیای، ئایینی، دادپەروەری، حکومرانی،...هتد، چینی سیاسی و دینی کە هەمووی لە سەر بەرژەوەندی خۆیان و ئەکتەری دەولی خارجی، دزی، گەندەڵی و تێکدانی فەزای گشتیە چۆن بۆیان دروست بو؟ بە یارمەتی ئەکتەری دەولی خارجی On a silver platter شەرعییەت لە عێراقدا لە سەر چی دروست بویە؟ ئایا ئەم شەرعییەتە گورانکاری خۆی دەبینیت لە زەماندا؟ ئایا ئەم دۆخەی ئێستا وەڵامی ئەم دوو پرسیارە ناداتەوە؟ هۆکارەکانی هاوبەشی شەرعییەتی چینی سیاسی و دینی لە سەرانسەری عێراقدا: پاراستنی بەرژەوەندی شەخسی و ئەکتەری دەولی خارجی، کۆیلە وحەیوان کردنی کۆمەڵگا، ئەندامی حزبی، عسکەر، بازرگان، پۆلیس، پێشمەرگە، قوتابی، مامۆستا، جوتیار، کرێکار، ڕۆژنامەنووس، دادوەر،...هتد؛ شەرعییەتی جیاوازی دینی، سیاسی، میدیای، ئابوری، دیموکراسی، پەرلەمان، حکومڕانی،...هتد، شەرعییەتی دزی، گەندەڵی بێ سنوور، ستەم، زولم و زۆرداری، تاڵانی سەروەت و سامانی کۆمەڵگا، شەرعییەتەکی بێ شەرم، سابت و گونجاوە لەگەڵ هەموو بارودۆخێکدا...هتد. هۆکارێکی تری هاوبەشی ئەم شەرعییەتە کە زۆربەی خەڵک ئاگادار نین ئەوەیە کە بە بێ شەرمی و زۆر باش بە ئەم شەرعییەتە دەژین. لە ژێر"شەرعییەتی" حزبی، دینی، تەقلیدی، دیموکراسی، ئەکتەری دەولی خارجی چینی سیاسی ودینی چۆن وبە چ شێوەیەک دەژین؟**

**ئایا ئەندامی حزبی، جەماوەر، کۆمەڵگا، هێزەکانی ئەمنی،...هتد، ئاگادارن یان نە لە خواردنی مادی، کۆمەڵایەتی، ئابوری، سیاسی، دەروونی، ئاینی، راگەیاندن،...هتد، کە چینی سیاسی و دینی عێراقی بە جەماوەر دەدەن چۆنە؟ ئەم بارودۆخە ئیسبات دەکەت کە دینامیکی شەرعییەتی جیاوازی عێراقی هەمووی لە سەر دزی و گەندەڵی بێ سنوور، حەیوان کردنی کۆمەڵگا، پاراستنی بەرژەوەندی شەخسی و ئەکتەری دەولی خارجیە،...هتد، و هەر لە بەر ئەوەش ڕۆژ بە ڕۆژ بێ شەرعییەتر دەبن...هتد. لە مەکاندا، شەرعییەت لە عێراقدا تایبەتمەندیەکانی تایبەتی خۆی هەیە: بارزان، کوردایەتی، دیموکراسی تایبەت، ئایینی( شیعە، سوننە، حزبوڵلای تایبەت، ئیسلامی تایبەت،...هتد)، هەڵبژاردن، حزبی، ماتریالیزم، عەشایەری،...هتد.= هەمووی درۆ، دزی و گەندەڵی بێ سنوور؛ گاڵتە و یاری کردنەکی تایبەت بە کۆمەڵگا، جەماوەر؛ نزم کردنی ئاستی ویژدانی جیاوازی ئەکتەری تاکە کەس و ویژدانی جەماوەری،...هتد. وایە یان نە چینی سیاسی وئایینی بێ شەخسیەتی عێراقی؟"**

**پێشبینی چی لەم دۆخە دەکەن: زاخو، دەهۆک، سەماوە، حللە، ناسریە، خانقین، هەلەبجە، نێروەیی، کەلار، بارزانی، رانیە، فلان عەشیرەت، هێزەکانی ئاسایش وپاراستن، سلێمانی، گەرمیانی، چەمچەمال، ئامیدی، ئاکرێی، هەولێری، بەغدادی، بەسراوی، نەجەفی، موسڵی، کەرکووکی، فەلووجەی، ...هتد. وەرە نەترسە و زۆر گرنگ و پێویستە ئەم گورانکاریە گوند بە گوند و شار بە شار بیت.**
**دەڵێن حسن، حسنوک بووتە بە سەلەفی؛ پووچی وبێ شەخسیەتیت پیرۆزەت بیت. یەکێک[2] لە سۆفییەکان لە هیندستان دەڵێت:**
**"Les religions sont les écoles maternelles des êtres humains". Elles nous donnent une certaine idée de ce qu'est Dieu et cherchent à instiller en nous les valeurs morales et éthiques fondamentales, rien de plus."**
**هوشیار بارزانی گووت:" لە کاتێکدا کە شەرعییەتی جیاوازی دینی، سیاسی، حکومرانی، ئابوری، تەندروستی، پەروەردە، کۆمەڵایەتی، راگەیاندن لە ناو هەموو عێراقدا شەرعییەتەکی دزی، گەندەڵی بێ سنوور، تێکدانی فەزای گشتی و پاراستنی بەرژەوەندی چینی سیاسی، دینی وئەکتەری دەولي خارجیە،...هتد، ئایا هەلبژاردنی جیاواز، کۆبوونەوە، پەرلەمان، دیموکراسی،...هتد، مانایەکی هەیە؟ ئەم شەرعییەتە، کە شەرعییەتەکی Constraint, enslavement, despotism،ئەکتەری دەولي خارجي وکۆیلایەتیە،...هتد، چەند خاڵ ئاشکرا دەکات:**

شەخسیەتی ئەم بەرپرسانە کە شەخسیەتەکی: بێکەڵک، ترسنۆک، لاواز؛ ویژدانەکی جیاوازی نزم، نەزان؛ ڕۆژ بە ڕۆژ دەوڵەمەندتر دەبن؛ کە جەماوەر، خەڵک دەترسیت بچنە نەخۆشخانە؛ دەتوانی بە ئاسانی دکتۆراکەت و بڕوانامەی زانکۆت بکڕی؛ بەردەوام بونی تاڵان کردنی سەروەت و سامانی کۆمەڵگا؛ دەتوانی خاوەنی چەند مووچە، خانوو، ئۆتۆمبێل و زەویی گەورە بی؛ دەتوانی بیکوژی فلان کەس، ڕۆژنامەنووس، چالاکوان(یان ڕفاندنی چالاکوانان)،...هتد؛ تێکدانی فەزای گشتی؛ بەردەوام بونی حەیوان و میلیشیا کردنی جەماوەر، شار، گوند،...هتد. = هەموو عێراق بە ئەم شەرعییەتی چینی سیاسی وئایینی عادەت کردووە بە شێوەیەک کە ئەم شەرعییەتە دوبارە دەبیتەوە لە زەماندا، بۆیە ئەم دۆخەی ئێستا هەر بەردەوامە."

هوشیار بارزانی گووت:" ئایا کۆمەڵگا، ئەندامی حزبی، هێزەکانی ئەمنی،...هتد، دەزانن یان نە، بە چ شێوەیەک وچۆن بەرپرسەکانی مەرکەزی و سکرتێری حزبی، ئەنجوومەنی 'باڵای' حزبی، مەلای سیاسی و دینی ڕۆژ بە ڕۆژ دەوڵەمەندتر دەبن.؟ لە ژێر ڕژێمی دیکتاتۆری دا وەک سەدام یان ئەسەد، ئەگەر تۆ ئەندامی حزبی نەبایا خاوەنی ژیانێکی ئاسایی نەبووی. لە عێراقی ئێستادا ئەگەر حزبی، میلیشیا یان ئیسلامی نەبی ژیانت چۆنە؟ 'تێکدانی' ویژدان و سایکۆلۆجی جەماوەری چۆن و بە چ شێوەیەکە؟ ئێستا کێ لە " وەزارەتەکان " ئیش و کار دەکات؟ کوڕ و کچی بەرپرسەکانی مەرکەزی و سکرتێری حزبی، ئەنجوومەنی 'باڵای' حزبی، مەلای سیاسی و دینی...هتد. %دی بێکاری چەندە لە ناو گوند و شارەکاندا؟ %دی میلیشیای چەندە لە ناو کۆمەڵگادا؟ یinfiltration ئەکتەری دەولی خارجی لە ناو وەزارەت و دامودەزگایەکانی حکومی چەند %؟ ٩٠% یان ١٠٠%.
چەند %دی سەروەت، سامان، وپارەی عێراق بو جەماوەر وکۆمەڵگا بەکار دەهێنرێت وبە چ شێوەیەک؟ ژیان بە شێوەیەکی گشتی چۆن و بە چ شێوەیەک لە لایەن میلیشیاکانەوە هاتووتە ڕێکخستن، ڕێکخستنی ئابوری، میدیای، سیاسی، کۆمەڵایەتی، ئاینی، سایکۆلۆجی، پەروەردەیی، تەندروستی، گواستنەوە،...هتد.= پاراستنی بەرژەوەندی چینی سیاسی، دینی و ئەکتەری دەولی خارجی و بەردەوام بونی حەیوان کردنی کۆمەڵگا بە شێوەکانی جیاوازی حزبی، ئاینی، پەروەردەیی، سایکۆلۆجی؛ شەری جیاوازی چینی سیاسی و دینی عێراقی بە شێوەیەکی زۆر پیس و شارەزا لەگەڵ گۆمەڵگادا...هتد.

ئامانجەکانی 'شەری' میدیای (تۆڕە کۆمەڵایەتییەکان، ئینتەرنێت، ڕۆژنامەکان، ڕادیۆ وتەلەفزیۆن) لەنێوان حزبەکانی عێراقی مانای چییە و ئەم شەرە خاوەنی چ شەرعییەتەکە؟ ـ خاپاندن، سەرشێواندن و غافل کردنی جەماوەر، گۆمەڵگا، ئەندامی حزبی، هێزەکانی ئەمنی،...هتد، بە شێوەیەکی زۆر زانا و شارەزا کە ویژدانی جەماوەری ئاگادار نیە. ـ شاردنەوەی تاوانەکانیان ولە ژێر ئەم شەری میدیای شانۆیی، داهاتی بەرپرسەکانی مەرکەزی و سکرتێری حزبی، ئەنجوومەنی 'باڵای' حزبی، مەلای سیاسی و دینی...هتد، ڕۆژ بە ڕۆژ زیاتر دەبێت. ـ بەردەوام بوون و پاراستنی ئەم شێوەی ویژدانی شەخسی و جەماوەری میدیای. ـ بە هیچ شێوەیەک ئاگاداری خۆت نی و داخستنی دەنگی ویژدان، بە شێوەیەکی زۆر نابەرپرسانە و ناشیرین مامەڵە لەگەڵ خۆت و کۆمەڵگا دەکەی. ـ میلیشیایەکی تایبەتی میدیایی. = کۆیلایەتی وlow vibrations....هتد.

ئەم شەرعییەتی میدیای وەک شەرعییەتەکانی تر، خاوەنی تایبەتمەندیەکانیی تایبەتی خۆیە وەک: لە خزمەت کردنی چینی دینی، سیاسی، ئەکتەری دەولی خارجی وکۆیلە کردنی کۆمەڵگا دایە؛ ٩٧%دی نووسین (زۆر بوونی بێ سنووری گوت، هەواڵ ودەنگوباس یەکێکە لە تایبەتمەندێکانی پەیدا بونی ئینتەرنێت و تۆڕە کۆمەڵایەتیەکان)، وتار وهەواڵەکان پێکهاتوونە لە قسە، گووت، بەرژەوەندی شەخسی وحزبی، نەزانین، قسەلۆک، ساویلکاتی وئاستەکی زۆر نزم؛ خارج نەبوون لە ویژدانی '٣٠د' و ئاودانی نەزانین و خۆپەرەستی خۆتە." وایە یان نە فلان کەس کە بە بەردەوامی چ لە داخل یان خارجی عێراق لە سەر تەلەفزیۆنەکانی جیاواز هاوار دەکەی کە خاوەنی دکتۆرای ساویلکاتی ونەزانینەکی تایبەتی.

هوشیار بارزانی گووت:"شەرعییەت بە شێوەیەکی گشتی لە عێراقدا پەیوەندیەکی زۆر نزیک بە ترسەوە هەیە 3. لە ناو هەر کۆمەڵگایەکدا ویژدانەک هەیە بە ناوی ویژدانی جەماوەری کە ئەم ویژدانە هاتوتە داپۆشین و "داخراوە" لە عێراق بە ترس، پارە و دین. زۆر گرنگە تێگەشتن لە ترس بو ئەوی کە خۆتان لێ ڕزگار کەن. ترس نە بەس ئاستی ویژدان زۆر نزم دەکەت بەڵام جلوبەرگەکی تایبەت بو تو، ئیمە، کۆمەڵگا، ئەندامی حزبی،...هتد، دروست دەکات بە شێوەیەک کە ناتوانی بیبینی یان تێبگەی چی ڕوودەدات و چۆن خۆت لە زنجیری کۆیلایەتی حزبی، میلیشیای، سایکۆلۆجی، ئابوری، سیاسی و دینی...هتد، ڕزگار بکەیت؟"
پەیامی بەرپرسەکانی مەرکەزی و سکرتێری حزبی، ئەنجوومەنی 'باڵای' حزبی، مەلای سیاسی و دینی...هتد، بو جەماوەر، کۆمەڵگا، ئەندامی حزبی، هێزەکانی ئەمنی،...هتد، و بو هەموو عێراق چییە؟هوشیار بارزانی گووت:" پەیامی شەرعییەتی ئەم بەرپرسانە زۆر ئاشکرایە بو هەموو عێراق:ـ میلیشیا و ئەندامی حزبی، جەماوەر، هێزەکانی ئەمنی، ماموستا، قوتابی، دادوەر، عەسکەر، جوتیار، کرێکار، ڕۆژنامەنووس،...هتد، ئیوە کۆیلە و حەیوانن بەڵام پێویستە حەیوانتربن. ـ بە یارمەتی ئیوە، ئیمە ڕۆژ بە ڕۆژ دەوڵەمەندتر دەبین. ـ بە یارمەتی ئیوە و ئەکتەری دەولی خارجی کولتووری دزی، گەندەڵی، تێکدانی فەزای گشتی، شەری تائیفی، میلیشیا کردنی شار، گوند، کۆمەڵگا و تێکدانی ویژدانی جەماوەری،...هتد، ڕۆژ بە ڕۆژ بە هێزتر دەکەین. ـ لەبەر بەرژەوەندی خۆمان لەم دۆخەدا، هیچ گۆڕانکارییەکی ڕاستەقینە جگە لە گۆڕانکاری شانۆیی دروست نابێت. ـ ...هتد."

چینی سیاسی ودینی عێراقی بە شێوەیەکی گشتی، ئیستا بارودۆخی شەرعییەتی ئیوە چۆنە؟هوشیار بارزانی گووت:" کوشتنی فلان کەس، ڕۆژنامەنووس، چالاکوان، خۆپیشاندەران؛ دزی و گەندەڵی زۆر قووڵی زانا و پرۆفیشناڵ بە شێوەیەکی ستوونی و ئاسۆیی سیاسی، ئابوری، دینی، حکومرانی،...هتد،و یdefectionڕۆحی ومەعنەوی ئەم بە ڕیرسانە ئیسبات دەکەت کە بۆن وهەست کردن بە هیچ جورە شەرعییەتەک لە عێراقدا نەماوە، نە شەرعییەتی سیاسی، حزبی، حکومرانی، دینی، ئابوری، ڕاگەیاندن،...هتد. ئەم شەرعییەتە ئێستا لە سەرانسری عێراقدا لە بارودۆخەکی تایبەت دایە: ناشەرعییەتی زۆر بەربڵاو و پێشکەوتوو(Advanced and widespread delegitimization)."

ئەنجامی ئەم وتارە چییە؟ هوشیار بارزانی گووت:" ئەم دەسەڵاتە خۆی هاوار دەکەت کە شەرعییەتی ڕۆژانەی ئێمە = خزمەت کردنی ئەکتەری دەولی خارجی، تالانکردن وحەیوان کردنی کۆمەڵگا، تێکدانی فەزای گشتی، میلیشیا کردنی شار، گوند، دزی و گەندەڵی بێ سنوور، کوشتنی فلان کەس، ڕۆژنامەنووس، چالاکوان، خۆپیشاندەران،...هتد. = ئیسبات کردنی چەند شت لە زەماندا وەک: ترسی ئەم بەرپرسانە زور زور گەورەترە لە ترسی ئەندامی حزبی، کۆمەڵگا،...هتد، بو؟ چونکە بەرپرسن لە کوشتنی هەزاران کەس، بەرپرسن لە تاڵانی سەروەت و سامانی کۆمەڵگا، گوند،

شار، تێکدانی فەزای گشتی،...هتد؛ سەرشێواندن، خاپاندن و غافل کردنی بەردەوامی ئەندامی حزبی، قوتابی، جەماوەر، هێزەکانی ئەمنی، کۆمەڵگا، ڕۆژنامەنووس،...هتد؛ پێویستە ئەم بەرپرسانە ڕۆژ بە ڕۆژ دەوڵەمەندتربن،...هتد. چینی سیاسی وئاینی لە عێراق چیتر شەرعیيەتی نییە. ڕۆژ بە ڕۆژ ویژدانی جەماوەری وشەخسی ئاگادارتر دەبیتەوە. بەلام ئەم ئاگاداربوونەوە گرنگە بە شێوەیەک بیت کە دەست بەردەن لە فکر، ئیش وکار کردنی کلاسیکی، ڕەفتار، کردار و ئێنێرژی کەڤن. بو؟ چونکە بەکارهێنانیان = بەردەوام بوونی ئەم بارودۆخی زۆر خراپ، ئالوز و جیاوازە، میلیشیا و حەیوان کردنی خۆت و کۆمەڵگایە. بە سەری ئێوە یەک چارەتان هەیە بەڵام هەر چەند زوتر حاڵی بی بو ئێوە باشترە = وەرە = پەیوەندیەکی زۆر نزیکەوە هەیە بە "ویژدانەکی بەرزتر" و خارجی زەمان و مەکانە."

ئەگەر نەخەوتووبی، کۆیلەی جیاوازی حزبی، دینی، ئابوری،...هتد، یان خۆپەرستەکی بێ سنوور نەبی دەزانی کە بڵاوکردنەوە و ی**conscious download**ئەم وتارە لە ناو ویژدانی شەخسی و جەماوەری زۆر گرنگە.

م. امین

1. For more information see Pierre Bourdieu, Jürgen Habermas, Max Weber
2. Ram Chandra de Shajahanpur (Babuji)
3. http://kcdme.com/M%20Amin%2004.12.2020.pdf